www.kurdistannet.org 18-2-2003

# پارتە سیاسییەکانی ئالمان

# و

# کێشـــەی کـــورد

بڵاوکراوەی: »ناوەندی لێکۆلینەوەی کوردی« لە ئالمان
وەگێرانی لە ئالمانیوە: عەلی محەممەدی

www.kurdistannet.org 18-2-2003



# پێشەکی وەرگێڕ

ماوەیەکی زۆرە کە کێشەی عێراق و ئەگەری پەلاماری ئەمریکا بۆسەر ئەو وڵاتە بیروڕای گشتی جیهانیی بەخۆیەوە خەریک کردووە. ئەم مەسەلەیە لە هەلبژاردنەکانی پاڕلمانی فیدێڕالی ئالمانیش دا کە لە ٢٠ی سیپتامبری ٢٠٠٢ بەڕێوە چوو دەورێکی سەرەکی گێڕا، هاتا ئەو جێگایەی کە ـ بە قسەی زۆربەی شارەزایانی هەلبژاردن ـ دوو پارتی دەسەڵاتدار واتە پارتی سەوزەکان و پارتی سوسیال دێمۆکراتی ئالمان بەڕەچاو کردنی تاکتیکی دژایەتی کردن لەگەل شەڕ و هێرش بۆ سەر عێراق، توانیان بۆ جارێکی تر لە هەلبژاردنەکان دا سەرکەوتن وەدەست بهێنن. لە سەروبەندی هەلبژاردنەکان دا ناوەندی لێکۆلینەوەی کوردی (ناوەند[1]) کۆمەلێک پرسیاری سەبارەت بە کێشەی کورد و مەسەلەی پەنابەران لە پارتە سەرەکییەکانی ئالمان کردووە کە لەژێر ناوی »هەلوێستی ئەحزابی بەشدار لە پارلمانی فیدێرالی ئالمان بۆ هەلبژاردنەکانی٢٠٠٢«[2] دا بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا پێنج پرسیار و وەڵامیان کە پێوەندی راستەوخۆیان لەگەل مەسەلەی کورد هەیە ئامادە کردوە و دەخەینە بەرچاوی خۆێنەرانی بەرێز.

عەلی محەممەدی

---

[1] NAVEND - Zentrum für Kurdische Studien e. V., Bornheimer Str.20 - 22, D-53111 Bonn, Email: info@navend.de Homepage: www.navend.de

[2] Umfrage vor der Bundestagswahl 2002 - Positionen der im Bundestag vertretenen Parteien zur „ kurdenrevelanten“ Themen

www.kurdistannet.org 18-2-2003



# پێشەکی ناوەند

ئێستا لە ئالمان دا دەوری هەشتسەدهەزار کورد دەژین،کە نزیک بە سەدوهەشتا هەتا دووسەدهەزار کەسیان تابعییەتی ئالمانیان وەرگرتووە. ئەو کوردانە لە باس و لێدوانەکانی ناوخۆی ئالمان دا زۆرتر وەک »ئێرانی«، »عێراقی«، »سورییەیی« و »تورک« ناو دەبردرێن؛ بۆ وێنە ئێستا لە سەروبەندی هەلبژاردنی پارتەکان بۆ پارلمانی فیدێرالی ئالمان دەبینین کە هیندێک لە ڕۆژنامەکانی تورک لە ژێر سەردێری »دوایین قسە تورکەکان دەیکەن« هەول دەدەن کار بکەنە سەر ئەو پارتانە و وادەنوێنن کە هەموو ئەو کەسانەی لە ولاتی تورکیە ڕا هاتوون، لە بۆاری نەتەوەیی،کەلتووری و کۆمەلایەتی‌وە خاوەنی یەک ڕەگەزن. لێرەدا ئەو ڕاستییە لە بەرچاو ناگیرێ کە هۆی سەرەکی ئاوارەیی و کۆچی کوردەکان لەو ولاتانەی لێی‌ڕا هاتوون کە تورکیە یەکێکە لەو ولاتانە، ئەوەیە کە کوردەکان لەوێ کەمایەتێکن کە چەوسانەوەیان لە سەرە و زولم و زۆریان لێ دەکرێ .

هەر بەپێی هەلبژاردنەکانی ٢٠٠٢ پارلمانی فیدێرالی ئالمان،»ناوەندی لێکۆلینەوەی کوردی (ناوەند)« لە سەریەک ١٧ پرسیاری بەکەلکی لەمەڕ مەسەلەی پەنابەران ئاڕاستەی لێپرسراو یا سکرتێری ئەو پارتانەی خوارەوە کردووە:

- *پارتی سوسیال دێمۆکراتی ئالمان* [٣] *(SPD)*،
- *یەکیەتی دێموکرات مەسیحییەکانی ئالمان* [٤] *(CDU)*،
- *یەکیەتی سوسیال مەسیحییەکان ئالمان* [٥] *(CSU)*،
- *پارتی دێمۆکراتەکانی ئازادی ئالمان (لیبرالەکان)* [٦] *(FDP)*،
- *پارتی سەوزەکانی ئالمان* [٧] *(B.90/Gr.)* ،
- *پارتی سوسیالیسمی دێمۆکراتیکی ئالمان* [٨] *(PDS)* .

مەبەستی سەرەکی پرسیارەکان لەلایەکەوە دەرخستنی هەلوێستی ئەو پارتانەیە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە و ئورووپا (وەک بە ئەندام وەرگرتنی تورکیە لە یەکیەتی ئورووپا و ئەگەری لێدانی عێراق) و لەلایەکی ترەوە سیاسەتی ناوخۆ (وەک سیاسەتی پەنابەری، وەزعی پەنابەرە کوردەکان و بەشداری کردنی کەسانی پەنابەر لە سیاسەت دا). وەلامەکان دەبێ ڕوونکردنەوەیەک بن لەسەر بۆچوونە سیاسییەکانی ئێستا و هەلسەنگاندنیان، هەروەها ببتە یاریدەدەرێک بۆ بەشداریکەرانی هەلبژاردنەکە .

تاکوو پێش چاپی ئەو نووسراوە، هەموو پارتەکان جگە لە یەکیەتی سوسیال مەسیحییەکان، وەلامی پرسیارەکانیان داوەتەوە. کۆرنێلیا پیپێر، [٩] سکرتێر و ئەندامی پارلمانی ئەیالەتی زاکسن ئەنهالت لە لایەن پارتی دیمۆکراتەکانی ئازادی ئالمان، وەلامی داوەتەوە. لە لایەن پارتی سۆسیالیسمی دێمۆکراتیکی ئالمان، سکرتێری ناوەندی ئەو پارتە، دوکتور دیتمار بارچ[١٠]، وەلامی داوەتەوە. ئێمە لێرەدا پرسیار و وەلامەکانمان بە دوای یەکدا هیناوەتەوە. پارتەکان بە پێی پیتی ئەلف و بێ ریز کراون.

مەتین ئینچێزو
بەرپرسی ناوەند

---

[3] Sozialdemokratische Partei Deutschlands
[4] Christlich-Demokratische Union
[5] Christlich-Soziale Union
[6] Freie Demokratische Partei – Die Liberalen
[7] Bündnis 90/Die Grünen
[8] Partei des Demokratischen Sozialismus
[9] Generalsekretärin Cornelia Pieper
[10] Bundesgeschäftsführer Dr. Dietmar Bartsch

www.kurdistannet.org  18-2-2003



# پرسیارەکانی ئێمە لە پارتەکانی بەشدار لە پارلمانی فیدێرالی ئالمان

١ـ به لەبەرچاو گرتنی هەول و تەقەلای تورکیە بۆ هاتنە ناو یەکیەتی ئورووپا، پێشکەوتنەکان لەو وڵاتە دا چۆن هەلدەسەنگێنن؟ ئایا لەو باوەڕە دان کە تورکیە گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە لەو بوارە دا دانیشتنی لەگەلدا بکرێ ؟

٢ـ بنەمای بۆچوونی پارتی ئێوە سەبارەت بە ئەگەری لێدانی عێراق چییە؟ داهاتووی سیاسی عێراق چۆن دەبینن؟ ئەگەر بێتوو عێراق هێرشی بکرێتە سەر، کام ئیمکان بۆ پارێزگاری لە جەماوەری هەرێمی کوردستانی عێراق دەبینن ؟

٣ـ پشتگیری لە کام ستراتیژی درێژخایەن بۆ کوردەکانی »عێراق« دەکەن؟ چ هەلێک دەبینن بۆ داکۆکی لە دارشتنی بنەماکانی کۆمەلگایەکی مەدەنی و گەشە پێدانی بواری ئابووری و کۆمەلایەتی لە ناوچەی »ئەوتۆنۆم«ی کوردستانی »عێراق« دا ؟

٤ ـ بە بۆچوونی ئێوە، چۆن دەکرێ پێشی کۆچی بە کۆمەلی کوردەکان لە عێراق دا بگیرێ؟

٥ ـ ئایا ئەگەر پارتەکەی ئێوە لە هەلبژاردنەکان دا سەرکەوتن وەدەست بێنێ، سیاسەتەکانی یاسای بنەڕەتی دەولەت بۆ فرۆشتنی چەک و کەل و پەلی شەڕ شل دەکەنەوە، یا تێدەکۆشن ئەو یاسایانە بەرتەسکتر کەن؟

www.kurdistannet.org 18-2-2003


# هەلوێستی پارتی سەوزەکانی ئالمان

## سیاسەتی دەرەوە/ ئوروپا

١ ـ پارتی سەوزەکان هەمیشە لەو بڕوایە دابووە کە دەبێ دەرگای بەئەندام وەرگرتنی تورکیە لە یەکیەتی ئوروپا ئاوالە ڕابگیرێ. هەلوێستی ئێمە سەبارەت بەو مەسەلەیە بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلسەنگاندنە، کە ئەندامێتی تورکیە لە یەکیەتی ئوروپا ، مۆتۆری سەرەکی دەبێ بۆ پێشکەوتنی تورکیە لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ و دێموکراتیزە بوون دا. ئال و گۆڕە سیاسیەکانی ئەو دواییانەی ئەو وڵاتە هەنگاوێکی زۆر بەکەلک لەو بۆارە دا بوون. لە گەل ئەوەشدا کاتێک دەتوانین دوایین هەلسەنگاندنمان لە سەر هەل و مەرجەکە هەبێ، کە بۆمان ڕوون بێتەوە، کە بڕیارە نوی‌کانی تورکیە، بەتایبەت هەلی دانانی پرۆگرامی کوردی لە رادیۆ و تەلەفزیۆن، کردەوەیان بە دوا دا دەبێ. مووشکیلەیەکی گەورەی دیکە ئەشکەنجەیە کە ئێستاش هەروا بە کردەوە بەردەوامە. ئێمە هیوادارین کە لە هەلبژاردنەکانی ٣ی نوامبر دا، هێزێکی سیاسی ئەوتۆ دەسەلات بەدەستەوە بگرێ کە هەنگاوە باشەکان شێلگیرتر بەرەوپێش بەرێ و لە گەل دیاردەی ئەشکەنجە بە راستی بەرەوروو بێتەوە. چارەسەری مافی کوردەکانیش نابێ هەر بە دانانی بلاوکراوە کوردیەکان کۆتایی پێ بێ. بە بڕوای ئێمە هەتا ئەو گیروگرفتانە چارەسەری یەکجاری نەکرێن، ناکرێ هیچ دانیشتنێک لەو بوارە دا بکردرێ. یەکیەتی ئوروپا دەبێ پێشوازی لە پێشکەوتنەکان بکا و لە هەمان کاتیشدا کەم و کووڕیەکان و داخوازیەکانی خۆی بە روونی دەست نیشان بکا.

٢ ـ هەتا ئێستا لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکانەوە بڕیارێکی وا وەبەر چاو ناکەوێ کە هێرش بۆ سەر عێراق بە ڕەوا بزانێ. هەر بۆیە لە لایەن دەولەتی ئالمانەوە هیچ چەشنە پشتگیری کردنێک بۆ لێدانی عێراق لە ئارا دا نییە. بە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ چارەسەری کێشەی عێراق، هێرش و پێدادان بە ڕێگەچارە دەزانن، دەبێ بگووترێ: هێرش کردن بۆ سەر عێراق هیچ کات نابێتە بەلگە بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەل تێرۆریزمی نێونەتەوەیی. هێرشی نەخوازراو بۆ سەر عێراق بە مەبەستی گۆڕینی زۆرەملی رژێمی ئەو وڵاتە لەگەل یاسا نێونەتەوەییەکان ناتەبایی هەیە و چ لە ناوچەکە دا و چ لە ئاستی جیهانییەوە لەوانەیە ئاکامی زۆر نالەباری بە دواوە بێ. هەر بۆیە دەولەتی ئالمان بەشداریی هێرشێکی ئەوتۆ ناکا. حکوومەتی ئێمە پێکەوە لەگەل پارلمانی ئوروپا هەر وەک ڕابوردوو هەول دەدا بۆ جێبەجێ بوونی بڕیاری ١٢٨٤ی نەتەوەیەکگرتۆکان و گەڕانەوەی پسپۆڕانی چاوەدێری چەک بۆ عێراق .

گومان لەوەدا نییە کە سەدام حوسێن یەکێکە لەو دیکتاتۆرانەی کە بە یارمەتی دەم و دەزگا سەرکووتکەرەکانی خەلکانی وڵاتی خۆی دەچەوسێنێتەوە، لە ساز کردن و بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەل کووژ خۆ ناپارێزێ و هەرەشە لە وڵاتانی تر دەکا و هێرشیان دەکاتە سەر. هەر بۆیە جێی خۆیەتی کە حکوومەتی بەغدا بگۆڕدرێ. دێموکراسی لە عێراق دا کۆتایی بە رژێمی سەدام حوسێن دێنێ، ئەوەش تەنیا ئەرکی سەر شانی هێزە سیاسیەکانی ناوخۆی عێراقە.

پاراستنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بەشێکە لە دێموکراسی. کام شێواز بۆ پێکەوە ژیانی گەلانی عێراق دەدۆزرێتەوە، دەبێ لە دانیشتنە سیاسییەکانی عێراقی نوێ دا دیاری بکرێ. ئەزموونی وڵاتانی

www.kurdistannet.org 18-2-2003


دیکە نیشان دەدەن کە ئەگەر پێویست بێ، دەکرێ لە یارمەتی نێونەتەوەیی بۆ داڕشتنی بنەماکان کەلک وەربگیرێ.

۳ ـ هەلسەنگاندنی داهاتووی کوردەکانی عێراق لەم کاتە دا زۆر دژوارە، چوونکە چەند و چۆنی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق زۆر ڕوون نییە. بە بۆچوونی ئێمە تەنیا ئالترناتیوێک بۆ کوردەکان ئەوەیە، یا تێکەل بوون لە عێراقێکی دێموکراتیک دا کە مافی ئوتۆنۆمی لەو دا دیاری کرابێ، یاکوو هەر وەک ئێستا درێژەدان بە حکوومەتی هەرێمی کورستان بە هێندێک ئال وگۆڕی بەکەلک لەودا. بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان دەبێ چ لە لایەن کوردەکان و چ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتۆکانەوە هەولی زیاتری بۆ بدرێ: لە لایەن نەتەوەیەکگرتۆکانەوە دەبێ یارمەتی گەشە کردنی ئابووری (یارمەتی دان بۆ داڕشتنی بناخەیەکی ئابووری کە بەستراوەیی بە یارمەتییەکانی دەرەوە کەم کاتەوە) و هەروەها یارمەتی بۆ دانانی بنەماکانی دەولەت بدرێ. لە لایەن کوردەکانەیشەوە دەبێ هەولی گەشە پێ دانی دێموکراسی بدرێ. هەر بۆیە دەبێ لەپێش هەموو شتێک دا هەلبژاردن بەڕێوە بچێ و حکوومەتێکی دێموکراتیک دابمەزرێ. پێکهێنانی کۆمەلگایەکی مەدەنی دەوری سەرەکی لە گەشە کردنی دێمکراسی دا دەبینێ. بە داخەوە ئێستا لە کوردستان دا ئەو خالانە ئەوەندە لاوازن کە ڕێگای یارمەتی دان زۆر دژوار دەکەن. بەلام ئەگەر بێتوو ئەو کەم و کوڕی‌یانە نەمێنن، ئێمە زۆر بە خۆشییەوە ئامادەی پشتیوانی کردنین.

٤ ـ مەترسی ڕاکردنی کوردەکان لە باکووری عێراق زیاتر لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە سەدام حوسێن بۆ تۆلەئەستاندنەوە لە پێدادانی ئەمریکا هێرش بکاتە سەر کوردەکان. ئێمە هیوادارین کە کارەساتێکی وا روو نەدا. بەلام ئەگەر ڕووداوێکی وا بێتە پێش، نابێ بەر بە کوردەکان بگیردرێ، بەلکوو دەبێ ڕێگای دەرباز بوونیان بۆ خۆش بکرێ. هەر چەشنە پێشگیری کردنێک لەو بوارە دا، هەر وەکی تورکیە ئەو مەبەستەی لە بەر چاوە، ڕەد دەکرێتەوە.
کۆچی ئێستای کوردەکان تەنیا کاتێک پێشی پێ دەگیرێ، کە ئەو مرۆڤانە لە بواری ئابووری، کار و سیاسییەوە داهاتوویەکی ڕوونیان بۆ دابین بکردرێ.

٥ ـ پارتی سەوزەکان لە رابوردوو دا هەولی زۆری بۆ کەم کردنەوەی فرۆشتنی کەرەسەی شەڕ لە لایەن ئالمانەوە داوە. بڕیاری ناردنی تانکی لیۆپاردی۲ بۆ تورکیە بوو بە هۆی قەیرانێکی گەورە لە نێوان سەوزەکان و سوسیال دیمۆکراتەکان. ئەوە بەرهەمی هەول وتێکۆشانی سەوزەکان بوو کە یاسای فرۆشتنی چەک و چۆلی بەرتەسک کردووە. ئێمە هەموو توانای خۆمان بۆ پاراستنی ئەو یاسایانە بەکار دێنین. ئێستاش ئەرکی سەرشانی خۆمان لەوە دا دەبینین کە وریا بین، ئەو یاسایانە لە لایەن وەزارەتەکان و دەزگا بڕیاردەرەکانەوە بە باشترین شێوە لە بەر چاو بگیرێ. هەر بۆیە ئێمە خۆازیاری ئەوەین کە پاڕلمان چاوەدێری زیاتر بە سەر ئەو ئەرکانە دا بکات. لە گەل ئەوەش دا دەبێ هەول بدرێ لە ئاستی ئورووپا و ولاتانی ئەوبەری ئاتلانتیک دا ستانداردێکی قایم بو فرۆشتنی چەک و کەرەسەی شەڕ دابڕێژدرێ.

www.kurdistannet.org  18-2-2003



# هەلوێستی یەكیەتی دیمۆكرات مەسیحی یەكانی ئالمان

## سیاسەتی دەرەوە/ئوروپا

١ ـ لە پرۆگرامی هاوبەشی یەكیەتی دێموكرات مەسیحییەكانی و یەكیەتی سوسیالمەسیحییەكانی ئالمان بۆ هەلبژاردنی ئەمسالی پارلمانی فیدێرالی ئالمان سەبارەت بە توركیە هاتووە: »توركیە هاوپەیمانێكی باوەڕپێكراوە. دەوری ستراتێژی ئەو ولاتە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ئاسایشی زیاتر چۆتە سەرێ. ئێمە خوازیاری پال دانی توركیە بە ئورووپاوەین. ئێمە دەمانەوێ توركیە لە بواری ئابووری و سیاسی و ئۆرگانێیەوە، بە بێ ئەوی كە ببێتە ئەندام، توونـد بە ئورووپاوە گرێ بدەین. هەر ئەو بڕیارە ریفۆرمانەی كە پێش هەلوەشانی پارلمان دراون، هەنگاوێكی بەرزی توركیەن لە ڕێگای نزیك بوونەوەی هەرچی زیاتر لە یەكیەتی ئورووپا. هەلبەت ئاكامی بڕیارەكان كاتێك دەر دەكەون كە چۆنییەتی دامەزراندنیان لە كردەوە دا ڕوون بێتەوە. هەروەها ئاكامی هەلبژاردنەكان بۆ پارلمانی توركیە لە ٣ی نوامبری ٢٠٠٢ دا، نابێ ببێتە هۆی ئەوە كە بەشێك لەو بڕیارانەی كە بۆ ڕیفۆرم دراون، بخرێنە ژێر پرسیارەوە.

چاوەڕوانی دەكرێ كە یەكیەتی ئورووپا لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەكەی ١٦ی ئوكتیبری ٢٠٠٢ دا پێشنیاری دیاری كردنی كات بۆ لێدوان لە سەر ئەندامێتی توركیە لە یەكیەتی ئورووپا دا نەكات. لەبەر ئەوەی كە توركیە بەشێكی زۆر لە خواستە سیاسیەكانی ئورووپای یەكگرتووی ( EG ) كە لە مانگی یونی ١٩٩٣ دا لە كۆپنهاك پەسەند كراون، بە جێ نەهێناوە؛ بۆ وێنە ڕوون و ئاشكرایە كە كێشەی سیاسی لە گەل یونان و قیبریس دا هێشتا چارەسەر نەكراون.

٢ـ نۆێنەری هاوبەشی دیمۆكرات مەسیحییەكان و سوسیال مەسیحییەكانی ئالمان بۆ پۆستی »سەرۆك وەزیری«[11]، دوكتوور ئیدموند شتۆیبێر[12]، لە ٢٨ی ئاوگووستی ٢٠٠٢ دا ڕوانگەی ئێمە لە مەڕ هێرش بۆ سەر عێراق ئاوا شی دەكاتەوە: »بۆ ئێمە ڕوون و ئاشكرایە كە سەدام حوسین دیكتاتۆری عێراق، هەڕەشەیەكی گەورەیە بۆ ئاسایش و هێمنی لە ناوچەكە و بگرە ئەولاتریش دا. بنەمای بڕیارەكانی هەتا ئێستای نەتەوەیەكگرتووەكانیش هەر ئەوە بووە. لێكۆلینەوە و بڕیار دان سەبارەت بەو كێشەیە تەنیا لە دەستی نەتەوەیەكگرتووەكان دایە. هەر بۆیە هەلوێستی تاكە ولاتێك بە بێ پرس و ڕا و نوێنەرایەتی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لە گەل ئەو یاسایانەدا یەك ناگرێتەوە.«

دوكتوور شتۆیبێر هەروەها پێی لە سەر ئەوە داگرت كە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووكان و بە تایبەت ئورووپا دەبێ بەو پەڕی تواناوە هەول بدەن كە چاوەدێرانی چەك بگەڕێنەوە بۆ عێراق. لە هەمان كات دا عێراقیش دەبێ بێ ئەم لاو ئەولا و بە بێ هیچ چەشنە پێشگیری كردنێك ڕێگەی گەڕان بە شوێن ئەو چەكانە دا بدات، چوونكە مەترسیی ئەوە دەكرێ كە ئەو ولاتە چەكی بەكۆمەل كووژ ساز دەكات. یەكیەتی دێموكرات مەسیحییەكانی ئالمان بەر لە هەموو شتێك هەول دەدا بۆ جێ بە جێ بوونی بڕیارەكانی نەتەوەیەكگرتوووكان و گەڕانەوەی چاوەدێر و پشكێنەرانی چەك بۆ عێراق. جگە لەوەش ئێمە خوازیاری

[11] Bundeskanzler
[12] Edmund Stoiber

www.kurdistannet.org 18-2-2003



پرۆسەیەک بۆ دیمۆکراتیزە کردنی عێراقین. بە هۆی ئەوە کە ئامانجی ئێمە لەو کاتە دا لێدانی عێراق و ئال وگۆڕ لەو وڵاتە دا نییە، هیچ پێویستێکیش بۆ هەلسەنگاندنی ئەگەری لێدانی عێراق نابینین. سەرەڕای ئەوەش پارتی ئێمە پشتیوانی لە بەردەوام بوونی پارێزگاری ناوچەی شیمالی عێراق لە لایەن نەتەوەیەکگرتووکانەوە دەکات.

٣ـ پارتی دیمۆکرات مەسیحییەکان داخوازی دابیین بوونی مافی کەمایەتی کوردەکان لە عێراقێکی ریفۆرمە کراو و دیمۆکراتیک دایە. دیارە ئەو سیاسەتەی ئێمە پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆی کوردی ناگرێتەوە. هەر ئەو سیاسەتەش لە لەیەن پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردی عێراقەوە ڕەچاو دەکرێ.
دەولەتی ئالمان بە هۆی یارمەتی مالی بە پرۆژەکانی یەکیەتی ئورووپا ڕاستەوخۆ پشتیوانی گەشە کردنی پرۆگرامە سیاسیەکان لە شیمالی عێراق دا دەکات. ئێمە پێمان وایە کە ئەو پرۆگرامە سەرکەوتووانە دەبێ هەروا بەردەوام بن و هاوکارییەکانمان لە بواری زانست و لە ئاستی زانکۆکانەوە زیاتر بکرێ. یەکیەتی دیمۆکرات مەسیحییەکان دامەزراندنی بنەماکانی کۆمەلگایەکی مەدەنی بە هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن و دیمۆکراسی دەزانێ. ئەوە بناخەی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئالمان بۆ یارمەتی دان و گەشەکردنی وڵاتانی تر پێکدێنێ. هەر پرۆگرامێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەبێ پشتیوانی لێ بکرێ.

٤ ـ بە پێی ئەو زانیاریانەی پارتی دیمۆکرات مەسیحییەکانی ئالمان لە بەر دەستی دایە لەو کاتە دا ڕاکردنی بە کۆمەل لە شیمالی عێراق بەر چاو ناکەوێ.

٥ ـ لە پرۆگرامی هاوبەشی ٢٠٠٦ـ٢٠٠٢ی یەکیەتی دیمۆکرات مەسیحییەکان و پارتی سوسیال مەسیحییەکانی ئالمان بۆ دەولەت ئاماژە بەو خالانەی خوارەوە کراوە: »ئێمە زۆر بە پێویست دەزانین کە بۆ بەرێوە بردنی سیاسەتەکانی هاوبەشی ئاسایش و دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا ئورگانێکی هاوبەشی نیزامیش بونیاد بندرێ. ئەوەش پێویستی بە یەکدەنگی هەمەلایەنە وهێزێکی سیاسی ـ نیزامی کارامەی ئورووپایی هەیە .... ئێمە پێویستیمان بە بنکەیەکی ئورووپایی هەیە .... هەر بۆیە ئێمە لە چوارچێوەی سیاسەتی هاوبەشی ئاسایش و بەرگری ئورووپا دا هەول دەدەین بۆ پێکهێنانی ئەرتەشێک و ئورگانێکی نیزامی هاوبەش. ئەوەش خۆی لەو سەروبەندە نالەبارە ئابوورییەی وڵاتەکان دا خەرجییەکی زۆر دەگێرێتەوە. ڕەچاو کردنی ئەو داخوازییانە دەبێتە هۆی یەکدەنگی وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا لەمەڕ فرۆشی چەک و کەرەسەی شەڕ؛ کەوابوو بەرتەسک کردنی ئەو یاسایانە بە تەنیا لە لایەن ئالمانەوە بە پێویست نازانین و لە بەرنامەمان دا نییە.«

www.kurdistannet.org 18-2-2003


# هەلوێستی پارتی دیمۆکراتەکانی ئازاد (لیبرالەکان)

## سیاسەتی دەرەوە/ ئورووپا

١ ـ فراکسیونی پارتی دیمۆکراتەکانی ئازاد لە کۆبوونەوەی نۆنەرانی یەکیەتی ئورووپا لە دیسامبری ١٩٩٩ لە هێلسێنکی داوای کردووە کە تورکیە بخرێتە ناو ریزی ولاتانی داواکار بۆ ئەندام بوون لە یەکیەتی ئورووپا دا. ئەوەش روونە کە تورکیەش دەبیَ مەرجەکانی یەکیەتی ئورووپا، پەسەندکراو لە کۆپێنهاک، بیَ کەم و کەسری بەجیَ بگەیێنیَ. مەرجە سیاسییە گرینگەکان هەر وەکی لە ولاتێکی دیمۆکراتیک و ئازاد دا باوە، پاراستنی مافی مرۆڤ و دابین کردنی مافی کەمایەتییەکانە. پێش هەر چەشنە لێدوانێک لە سەر داواکارییەکەی تورکیە دەبیَ ئەو ولاتە هەنگاوی بەرچاو بۆ چارەسەریی کێشەی کورد هەلگریَ. یاساکان و هەروەها ئەرتەش دەبیَ ئال وگۆریان بە سەردا بیَ و یاسای مەحکەمە کردنی کەسانی سیاسی لابردریَ.

بریار دانی تورکیە لە سەر ئەو کۆمەلە ریفۆرمانەی کە قەرارە بیکات بە تایبەت ئەوانەی کە پێوەندیان بە مەسەلەی کەمایەتییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤەوە هەیە، ئەو ولاتە بە رادەیەکی بەرچاو لە ستانداردی یەکیەتی ئورووپا نزیک دەکاتەوە. ئەوە خۆی هەنگاوێکی گرینگە کە دەبیَ پێشوازی لیَ بکردریَ. لێرەدا نابیَ ئەوەش لە بیر بکریَ کە شێوە و چەند و چۆنی بەرێوە بردنی ریفۆرمەکان دەورێکی سەرەکی دەبینن. پشت بەستن بەو هیوایە کە لە داهاتوویەکی »زۆر کوورت« دا تورکیە دەبێت بە ئەندامی یەکیەتی ئورووپا هەلەیەکی گەورەیە و مایەی زەرەر و زیانە. لە لایەکی دیکەوە لێکۆلینەوە و لێدوانێکی سیاسی ئەوتۆ لە ناو خۆی تورکیە دا بەرچاو ناکەویَ کە نیشان بدا خەلکانی تورکیە ئامادەن مەرجەکانی یەکیەتی ئورووپا لە درێژخایەن دا پەسند بکەن. سەرەرای ئەوانەش دوو کێشەی دیکەش لە نێوان تورکیە و یەکیەتی ئورووپا دا هێشتا چارەسەر نەکراون کە یەکێک لەوان کێشەی قیبریس و ئەوی تریان مووشکیلەی هاوکاری نێوان ناتۆ و سیاسەتی ئاسایش و پارێزگاری ئورووپایە. هەر بۆیە پارتی دیمۆکراتەکانی ئازاد پێیوایە کە لە دەستپێکردنی دانیشتنەکان بۆ بە ئەندام وەرگرتنی تورکیە نابیَ پەلە بکری. لە کۆبوونەوەکەی نوێنەرانی یەکیەتی ئورووپا لە دیسامبری ٢٠٠٢ لە کۆپینهاک کە زیاتر بۆ باس لە سەر ئەندامێتی ولاتانی رۆژهەلاتی ئورووپا پێک دیَ، دیاری کردنی کات بۆ دانیشتنەکان زۆر زوویە.

٢ ـ ٤ ـ سەرۆک وەزیری ئالمان بە بریارە نالێپرسراوانەکەی واتە ئالمان لە بنەرەت را بەشداری لە شەری عێراق دا ناکا و بە »شێوەی تایبەتی« خۆی بۆ مەسەلەکە هەنگاو دەنیَ، وای نواند کە بریاری ناردنی سەربازەکانی ئالمان بۆ عێراق بەو زووانە دەر دەچیَ؛ ئەوە لە گەل راستییەکان یەک ناگرێتەوە و چەندین جار لە لایەن ناتۆ وە وەدرۆ خراوەتەوە. دیارە ئەگەر ئەو زانیاریەکی تایبەتی لەو بابەتە دا هەیە دەبیَ لە پارلمانی ئالمان دا باسی لە سەر بکا، نەک لە کۆبوونەوەکانی کێبەرکێی هەلبژاردن دا کەلکیان لیَ وەرگریَ. کردەوەکانی سەرۆک وەزیر لە مەر مەسەلەیەک بەو گرینگییە گومانەی ئیمە بەهێزتر دەکا کە ئەو بە مەبەستی سەرکەوتن لە هەلبژاردنەکان دا دەیهەویَ ترس و خۆفی شەر بخاتە ناو دلی خەلکەوە. لە روانگەی ئێمەوە وەها کردەوەیەک هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری ئەخلاقییەوە نالێپرسراوانەیە. هەروەها سەرۆک وەزیر بەهێنانە گۆری »رێگای تایبەتی ئالمان« متمانەی هاوپەیمان و دۆستانی ئالمان

www.kurdistannet.org  18-2-2003


کەم دەکاتەوە؛ ئێستاش ئاکامی کارەساتی رابوردووی »ڕێگای تایبەتی ئالمان« لە بیر نەچوونەوە؛ هەر لە بەر مێژوو و رابوردووی ئالمانیش بوایە پێویست بوو ئێمە لە ریزی یەکەمی ئەو وڵاتانەدا بووایەین کە شێلگیرانە ئامادەن هەڕەشەی سەدام حوسێن لە ئاسایش و هێمنی جیهان بەرپەرچ بدەنەوە. گومان لە وەدا نییە کە رژێمی سەدام خاوەنی چەک و چۆلی بە کۆمەل کووژە و لەو دوایانە دا تێکنۆلۆژی چەکی دوورهاوێژی وەدەست هێناوە کە دەتوانێ دوورترلە ناوچەکەش بە کاریان بهێنێ، سەدام حوسین لە رابوردوو دا بە بەکار هێنانی چەکی ژەهراوی و شیمیایی لە دژی خەلکی وڵاتی خۆی و شەڕی ئێران دا بە کردەوە سەلماندوویەتی کە ئامادەی هەموو کردەوەیەکی دژی ئینسانییە. کە وابوو عێراق لە ژێر سایەی سەدام حوسین دا مەترسییەکی ئاشکرایە کە کۆمەلی وڵاتانی مەدەنی هەرچی زووتر دەبی ریگا چارەی بۆ بدۆزنەوە. حکوومەتی ئالمان بە جێگەی دەربڕینی هەلویستی بێ پرس و ڕای ئەوتۆ کە ببێتە هۆی ئاجز بوونی هاوپەیمانان دەبێ پێکەوە لە گەل وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا و ناتۆ بۆ لە ناوبردنی مەترسی هەڕەشەی سەدام حوسین تێبکۆشێ. رابردوو نیشانی داوە کە بۆ هەلسووکەوت لە گەل عێراق دا زەختی دیپلۆماسی و سیاسی و ئابووری تەنیا کاتێک ئاکامی دەبێ کە وەک دوایین رێگا لە لایەن نەتەوە یەککرتووکانەوە بە کار بهێندرێ، کەوابوو بۆ فراکسیۆنی پارتی دێمۆکراتەکانی ئازاد شەک لەوە دا نامینێ کە دەبێ بۆ ئەو مەبەستە بریارێکی ڕوون و ئاشکرای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بدرێ. لە ڕوانگەی ئێمەوە نابێ رێگە بدرێ کە بڕیارەکانی پێشووی نەتەوە یەکگرتووکان چەواشە بکرێتەوە . یاسای زەختی یەک لایەنەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان هەروا بە تووندی دەبێ بەردەوام بێ، وا دیارە کە لە واشنگتۆنیش ئەو بۆچوونە زیاتر پەرە دەستێنێ کە هەلوێست گرتنی ئامریکا تەنیا بە پرس و ڕا و پشتیوانی هاوپەیمانەکان و ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان کەلکی زیاترە. دیارە لە  پرۆسەی پرس و ڕاکان و بڕیاردان لەسەر عێرقدا دەبی بەر لە هەموو شتێک هەول بدرێ سناریوی پێشگیری کردن لە شەڕ ڕەچاو بکرێ[13]. داهاتووی سیاسی عێراقێکی نوێ پێویستی بە ساخ کردنەوەی بنەماکانی ئابووری و پەرەپێدانی دێمۆکراسی لە هەموو پارچەکانی وڵات دایە؛ هەروەها دواتر دەبێ ستراتیژێکی هەمەلایەنە، هاوکاری نیزیکی وڵاتانی ناوچەکە لە گەل یەکتر دابیین بکا. لە پێش هەموو شتێک دا دەبێ هەول بدرێ کە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئاشتی و هێمنی بەرپا بکرێ؛ هەر لەو ڕوانگەیەوە دەبێ خواستەکانی رەوای کوردەکانی عێراق بۆ گەشە پێدانی بواری ئابووری و کۆمەلایەتی خۆیان لە بەر چاو بگیرێ کە ئەوەش دەبێتە هۆی پێشگیری لە بەکۆمەل ڕاکردنی دووبارەی کوردەکانی عێراق. ئەگەر و چۆنییەتی و چوارچێوەی بەشداری ئالمان لە پێدادانی عێراق لە سەر بریاری نەتەوەیەکگرتووکان بە هۆی بوونی هیندێک کەم و کوڕی، ناکرێ لێپرسراوانە دەست نیشان بکرێ؛ بە لە بەرچاو گرتنی بوونی مووشکیلەی بنەڕەتی لە قەوارەی هێزە چەکدارەکانی ئالمان دا و ئەو راستییە کە هێزەکانی ئالمان لە دە شوێنی جیهان دا ئەرکیان پێ ئەسپێردراوە، بەدووره ئەرتەشی ئالمان توانایی بەشداری کردن لە شەڕێکی ئەوتۆیدا هەبێ. لە گەل ئەوەشدا نە دەلەتی ئالمان و نە یەکێک لە پارتەکان توانایی ئەوەیان نییە کە لە سەر بەشداری هێزە چەکدارەکانی ئالمان بڕیاری یەکجاری بدەن.

٥ ـ پارتی دێمۆکراتەکانی ئازاد ئال و گۆڕ لە یاسای فرۆشتنی چەک و کەرەسەی شەڕ بە پێویست نازانێ.

---

13 Post conflikt scenarios

www.kurdistannet.org 18-2-2003


# هەلوێستی پارتی سوسیالیزمی دیمۆکراتیکی ئالمان[14]

## سیاسەتی دەرەوە/ئورووپا

١ ـ پارتی سوسیالیزمی دیمۆکراتیک پێشوازی لە بڕیارەکانی پارلمانی تورکیە لەمەڕ دانی مافی زیاتر بە کەمایەتییەکان، لابردنی ئیعدام ـ لانی کەم لە کاتی هێمنی دا ـ و ڕێگەدان بە بەکار هێنانی زمانی کوردی لە بڵاوکراوە گشتییەکان و فێرگە غەیرەدەولەتییەکان دا دەکا. ئەوانە هەنگاوێکی درووستن بۆ خۆش کردنی ڕێگای نزیک بوونەوەی تورکیە لە یەکیەتی ئورووپا؛ سەرەڕای ئەوەش تورکیە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هێشتا ڕێگایەکی سەخت و پڕ لە کەند و کۆسپی لە پێشە. بۆ وێنە یاسای ١٠% دەنگ هێنانەوە بۆ چوونە ناو پارلمان، بە جوودایی خواز ناو بردنی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان، بەهانە هێنانەوە و مەرج دانان بۆ بڵاو کراوە و پرۆگرامە کوردییەکان، ئەشکەنجە کردن لە بەندیخانەکان و وەزعییەتی نائاسایی لە وڵات دا، هەمووی ئەو گیروگفتانە بە بۆچوونی ئێمە دەبێ پێش لێدوان لە سەر بە ئەندام وەرگرتنی تورکیە چارەسەر بکرێن.

یەکیەتی ئورووپا دەبی لە هەلی پێشکەوتنەکانی ئێستای تورکیە بە شێوەیەک کەلک وەرگرێ و پشتیوانی لە هێزە ریفۆرم خوازەکان بکا. هەلوێستی یەکیەتی ئورووپا دەبێ ئەوە بێ کە »ئەگەر تورکیە داواکارییەکانی یەکیەتی ئورووپا هەتا پێش بەستنی کۆبوونەوەکەی دیسامبر لە کۆپینهاک بە جێ بگەیێنێ و بەکردەوە بۆ دامەزراندنی یاساکانی ریفۆرم تێبکۆشێ، ئەوسا نابێ کۆسپێک لە سەر ڕێی دانیشتنەکان بۆ بە ئەندام وەرگرتنی ئەو وڵاتە دا بمێنێ.«

پشتیوانی لیبراوانە لە تورکیە بۆ هاتنی بەرەو ئورووپا لە هەمان کات دا بەربەرەکانی لە بەرابەر پوپولیسمی پەرەگرتووی ڕاست لە ئورووپا دایە. هەر وەکی ئیدموونس شتۆیبێر لە هەموو هەلێک کەلک وەردەگرێ کە ئورووپا وەک »قەلای ڕۆژئاوای مەسیحییەت« نیشان بدا، نەک وەکوو ئورووپایەکی ئاوالە و فرەکۆلتووری کە بڕوای بە مافی مرۆڤ و مافە کۆمەلایەتییەکان هەیە. هەتا ئێستا حکوومەتی هاوبەشی سەوزەکان و سوسیال دیمۆکراتەکان ـ سەرەڕای قسەی زەلام و پاراو ـ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئالمانی وەپێش ئاوڕدانەوە بە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە تورکیە دا خستووە؛ ئەو سیاسەتە دووانەی حکوومەتی ئالمان لە مەڕ تورکیە، واتە لە لایەک تانکی پێ بفرۆشرێ و لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەی لە لەژێر پێ نانی مافی مرۆڤی لێ بگیرێ، دەبێ هەرچی زووتر کۆتایی پێ بێ.

لە کاتی ئێستا دا باشترین سیاسەت ڕوو بە ئانکارا دەبێ ئەوە بێ کە کەرەسەی شەڕی پێ نەفرۆشرێ، سەبارەت بە لە ژێر پێ نانی مافی مرۆڤ بە توندی ڕەخنەی لێ بگیرێ، داوای چارەسەری کێشەی سیاسی کوردەکانی لێ بکرێ و پاش بە جێ هێنانی مەرجەکان وەک هەموو داواکارانی ئەندامێتی یەکیەتی ئورووپا سەیری بکرێ. دانیشتن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەو بوارە دا لە گەل تورکیە لەوانەیە ببێتە پشتیوان بۆ پرۆسەی ڕێفۆرمەکان و پشتگیری ئەو هێزە سیاسی‌یانەی کە خوازیاری نیزیک بوونەوەی تورکیە لە یەکیەتی ئورووپان؛ ئەوەش بە لەبەر چاوگرتنی ڕۆلی تورکیە لە شەڕێکی تازە بە دژی عێراق دا گرنگی زیاتر پەیدا دەکا.

[14] پارتی ناوبراو پێش یەکگرتنەوەی ئالمان لە سالی ١٩٩٠، پارتی دەسەلاتداری ئالمانی ڕۆژهەلات بووە و لە هەلبژاردنی ئەم سالی پارلمانی فیدێرالی ئالماندا ٥% دەنگی پێویستی نەهێناوە و نەیتوانی بێتە ناو پارلمان. ـ وەرگێڕ.

www.kurdistannet.org 18-2-2003


٢ ـ شرودێر سەرۆک وەزیر و فیشێر وەزیری دەرەوەی ئالمان دوای چەندین مانگ بێدەنگی ئێستا کووت و پڕ دەلین کە ئێمە دژی شەڕی عێراقین، هەر لەو بارەی دا سەرۆک وەزیر دەلێ: »تەنیا وریاکارییەک کە ئەمن دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە بەبێ هەبوونی ئیدە و پرۆگرامێکی روون بۆ هەموو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست و بەبێ بیرکردنەوە لە ئاکامەکانی شەڕ، نابێ باس لەسەر بەشدار بوون لە شەڕی عێراق دا بکردرێ. دەولەتی ئالمان بەشداری شەڕی نادیار ناکا.« ئێمە ئەو وتە خۆش و شیرینانە دواتر لە کردەوەکاندا هەلدەسەنگێنین و حکوومەتی هاوبەشی سەوزەکان و سوسیال دێمۆکراتەکان لە داهاتوودا هەلی ئەوەی دەبێ کە بییان سەلمێنێ. ئەوان دەتوانن ڕاشکاوانە بلێن کە سەرباز و چەک وچۆل و پارەی ئالمانی بە هیچ شێوەیەک لە شەڕ دژی عێراق بەکار ناهێنرێ. هەروەها دەتوانن داواکاری هەلوەشانی ئەو خالەی پەیماننامەی ناتو بن کە باس لەوە دەکا کە »شەڕی ئەندامێکی ناتۆ دەبێتە شەڕی گشت ئەندامانی ناتۆ«، چوونکە لە ئەزموونی سالانی ڕابوردوو مەترسی ئەوە دەکرێ کە ولاتانی ئورووپایی سەرەڕای ئەوە کە خۆیان پێیان وایە دەتوانن خۆ لە شەڕ بپارێزن ئاخرەکەی مل کەج کەن و وەدوای شەڕی نادیاری ئامریکا کەون.

لە پارتەکانی ناو پارلمانی ئالمان دا تەنیا پارتی ئێمەیە کە شەڕ بە دژی عێراق لێبراوانە *رەد* دەکاتەوە. هەتا ئێستا بەلگەیەک نەدراوەتە دەر کە بیسەلمێنێ چەکی بەکۆمەل کووژی عێراق مەترسییەک بۆ ئەمریکا و ولاتانی ئورووپایی پێک دێنێ. لە راستی دا بۆ بوونی ئەو چەکانەش هێشتا بەلگەیەک نییە. هەر وەکی چاوەدێرانی پێشووی نەتەوەیەکگرتووکان دەلێن، ئەگەر بناخەی مەبەستی ئەمریکا لە هێرش بۆ سەر عێراق تەنیا ئەوە بێ کە عێراق خاوەنی ئەو چەک و چۆلانەیە، ئەوە لە بەهانەیەک زیاتر نییە و دەبێتە هۆی لە بەر چاو نەگرتن و لە ژێر پێنانی یاسای نێونەتەوەیی. ئەوەی راست بێ ئەمریکا ئەو بۆچوونانە وەپشت گوێ دەخا و خۆی دەبێتە ئاغا و دەسەلاتداری شەڕ و ئاشتی. هەلبەت ئێمەش چاومان لە بار و دۆخی ژێردەسەلاتی رژێمی سەدام حوسین ناچووقێنین، بەلام ئەگەر عێراق ئەو چەک و چۆلانەشی بە دەستەوە بێ، پێداگران بە مەبەستی لابردنی سەدامی دیکتاتۆر بە هەلە دەزانین، چوونکە »لە شەڕی مان و نەمان دا لە وانەیە سەدام ئەو چەکانە بەکار بهێنێ؛ کە وابوو شەڕێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی کارەساتێکی گەورە و لە ناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی ئاسایی. هەتا ئەو جێگایە کە ئەمریکا دەلێ ئەگەر پێویست بێ تا رادەیکی کەمیش بێ لە چەکی ئەتۆم کەلک وەردەگرین.« خەلکی کوردیش دەبێتە قووربانی شەڕ و ئێمە هیچ هەلێک بۆ پارێزگاری لەو خەلکە لە ئاکامەکانی شەڕ نابینین؛ هەر بۆیە وەلامی زەبر و زەنگ و نەپاراستنی مافی مرۆڤ لە عێراق دا نابێ بە شەڕ بدرێتەوە. ئەمریکاییەکان خۆشیان نەخشەیەکیان نییە کە نیشان بدا پاش سەدام حسین کێ دەسەلات بە دەستەوە دەگرێ. بێگومان عێراقێکی لەرزۆک دەبێتە ناوچەیەکی ناهێمنی دیکە لە رۆژهەلاتی ناوەراست و تەئسیری نالەباری لە سەر ئاسایشی ئورووپادا دەبێ. ئێمە لە حکوومەتی ئالمان داوا دەکەین کە لە هەلسووڕانە دیپلۆماسییەکانیدا زیاترخۆی بە چارەسەری هێمنانەی کێشەکەوە خەریک بکا بە تایبەتی هەول بۆ لە سەر گرتنەوەی دانیشتنی نێوان عێراق و نەتەوەیەکگرتووکان بە مەبەستی گەڕانەوەی چاوەدێرانی چەک بۆ عێراق، پرۆسەی لێک نزیک بوونەوەی عێراق و شورای ولاتانی عەرەبی و هەولی دەست پێ کردنی سیاسەتێکی تازە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست بدا.

٣ ـ گیروگرفتەکان لە ناوچەکە دا دەبێ لە لایەن خەلکی ناوچەکەوە چارەسەر بکرێن. هەر بۆیە پارتی سوسیالیزمی دێمۆکراتیک پشتگیری هەموو ماندووبوونێک دەکا بۆ بنیاد نانی کۆمەلگایەکی مەدەنی لە کوردستان؛ کۆمەلگایەک کە زامنی رەخسانی هەلیک بێ کە لەودا خەلک بتوانن ویست و ئارەزووەکانی خۆیان دەرببڕن و خواستەکانی خۆیان بەرنە پێشێ. زۆر لەمێژە لە ئالمان لە چوارچێوەی »سیاسەتی

www.kurdistannet.org 18-2-2003


یارمەتی گەشەکردن« بۆ دامەزراندنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی »لە خوارەوە« کاری بۆ دەکرێ. بەڵام ئەگەر هەوڵەکان لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بدرێ، باری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی کوردستانی عێراق زیاتر گەشە پەیدا دەکا و سەقامگیرتر دەبێ. هەڵبەت دەبی سیستێمێکی ئابووری وا دابمەزرێ کە »هەل و مەرجی ئابووری جیهان« پێشی گەشەکردنی سەربەستانەی ناوچەکە نەگرێ.

٤ ـ بە گوێرەی راپۆرتی کۆمیسارییای عالی پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان[15]، لە سالی ٢٠٠١ دا نیزیک بە ٥٣٠١٠٠ کەس لە ناوچەی عێراق بەگشتی هەڵاتوون، زۆربەی ئەوانە بەرەو ئێران. بە داخەوە ئەژماری ئەو کەسانە بە پێی نەتەوەییەوە نەگیراوە کە کەم و زۆری ژمارەی کوردەکان لەو دا روون بێتەوە. لە گەل ئەوەش دا چاوەروانی ئەوە دەکرێ کە بەشێکی زۆر لەو کەسانە کورد بن.
سەبارەت بە باسی چۆنییەتی هەلسووکەوت لە گەل پەنابەرە کوردەکانی عێراقی، ڕوانگەی پارتی سوسیالیزمی دێمۆکراتیک لە گەل کۆمیسارییای عالی پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان هەمیشە یەک بووە، کە دەلێ کوردستان ـ »شیمالی عێراق« ـ نابێ بۆ بەشێکی دیاریکراو لە پەنابەرانی کورد وەک ناوچەیەکی هێمن و بێ مەترسی چاوی لێ بکرێ. چارەسەری ئەو مووشکیلانەی کە بوونەتە هۆی ڕاکردنی خەلکی ناوچەکە تەنیا بەوە دەکرێ کە زەبر و زەنگ هەم لە لایەن جاسووسوکانی رژێمی بەغدا و هەم لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەییەوە بنەبڕ بکرێ. هر بۆیە پێویستە دێمۆکراسییەکی هەمەلایەنە دابمەزرێ کە خەلک بتوانن چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن. لە هەمان کات دا دەبی گیروگرفتە سەرەکییەکانی ئابووری کە بەشێکی زۆر لە خەلکی تووشی ئەوپەری نەداری کردووە، چارەسەر بکرێن.

٥ ـ هەر هەوڵ و تەقەلایەکی نێونەتەوەیی بۆ هەرچی کەمتر کردنەوەی فرۆشتنی چەک و چۆل، چەکی سووکیش بگرێتەوە، دەبێ پشتیوانی لێ بکرێ. دەولەتی ئالمان دەبێ شێلگیرانەتر لە ڕابوردوو بەری فرۆشتنی بەربلاوی چەک بگرێ. ئێمە بۆ لابردنی فرۆشتنی هەر چەشنە چەک و چۆلێک تێدەکۆشین.

[15] UNHCR

www.kurdistannet.org 18-2-2003


# هەلوێستی پارتی سوسیال دیمۆکراتی ئالمان

## سیاسەتی دەرەوە/ ئورووپا

١- یەکیەتی ئورووپا سەبارەت بە هەلبژاردنی تورکیە بۆ ناو داواکارانی ئەندامیەتی ئورووپا ڕاشکاوانە روونی کردۆتەوە کە تورکیە کۆمەلێک مەرجی بۆ دیاری کراوە کە دەبێ جێبەجێیان بکا، تازە هەتا ئەو ولاتە بگاتە ئاستێک کە لە ریزی ولاتانی ئورووپایی بژمێردرێ. هەتا ئێستا ئەو مەرجانە بە گوێرەی پێویست هەنگاویان بۆ هەلنەهاتۆتەوە. پارلمانی تورکیە تەنیا گۆڕانکاری بەسەر هیندێک یاسا دا هێناوە کە لەوانە دەتوانین لابردنی سزای مەرگ و بڕیاری پیداچوونەوە بەسەر سیاسەتی ئەو ولاتە سەبارەت بە کوردەکان ناو بەرین. لە تورکیە دا روالەتی یاساکان و دامەزراندنیان لە کردەوە دا وەک دوو جەمسەری ناتەبا هەموو کات لە کێشە دان. بۆ سەلماندنی ئەو راستییەش دەتوانین مووشکیلەی ئەشکەنجە وەک وێنەیەک بێنینەوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییانە دەبێ چاوەڕێ بین کە لە داهاتوو دا یاسا تازەکان تا چ ڕادەیەک کردەوەیان بەدوا دا دەبێ.

سەرەڕای ئەوانەش چەند مووشکیلەی دیکەش هەن کە هیشتا چارەسەر نەکراون، بەتایبەت لە بواری سیاسەتی دەرەوە ی تورکیە بەرامبەر بە یونان و چارەسەری کێشەی قیبریس. هەر بەو هۆیانەوە تورکیە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخە کە سەبارەت بە داواکارییەکەی بۆ ئەندامییەتی دانیشتنی لە گەل دا بکردرێ.

٢ - سەرۆک وەزیر و سەرۆکی پارتی سوسیال دیمۆکراتی ئالمان، گێرهارد شرۆدێر[16]، زۆر ئاشکرا دژایەتی خۆی لە گەل هێرشی یەک لایەنەی ئامریکا بۆ سەر عێراق بە مەبەستی رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێن دەربڕیوە. ئەو هەلوێستە لە لایەن پارتەوە و لە لایەن نۆنەرانی پارت لە پارلمان دا بە تەواوی پشتیوانی لێ دەکرێ. ئەگەر وەزعێکی مێژوویی ئەوتۆ بێتە پێش کە پێویست بێ گۆڕانکاری لە سیستێمی سیاسی عێراقدا بکرێ،پارتی سوسیال دیمۆکراتی ئالمان داکۆکی لە سیستێمێکی فیدێرالی لە عێراقدا دەکا، بەچەشنێک کە بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکانی عێراق ئوتۆنومی لە هەموو بوارەکانی ژیان دا دابین بکرێ.

ئەگەر بێتوو لە ناوچەکەدا شەڕ هەلایسێ، ئێمە هیوادارین کە هەلەکانی سالی ٩٠ی شەڕی خەلیج دووپات نەبێتەوە. لە هەر حالێک دا نابێ ئیزنی ئەوە بدرێ کە ئەرتەشی عێراق جارێکی تر هێرش بکاتەوە سەر خەلکی کوردستان.

٣ - بە بۆچوونی ئێمە کوردەکانی عێراق مافی خۆیانە کە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا خاوەن دەولتێک بە بەرزترین پلەی ئوتۆنۆمیەوە بن. بەو هیوایە کە دوای ئەگەری گۆڕانکاری لە عێراقدا، ئەو ولاتە زۆر زوو جارێکی تر جێگای خۆی لە کۆمەلگای جیهانی دا بکاتەوە. بۆ پشتیوانی لەو پرۆسەیە پارتی سوسیال دیمۆکرات تێدەکۆشێ بە شێوەی یارمەتیدان بۆ گەشەکردن و بە شێوەی هاوکارییەکانی دوولایەنە، بنەماکانی کۆمەلگایەکی مەدەنی دابمەزرێ.

[16] Gerhard Schröder

www.kurdistannet.org 18-2-2003



٤ ـ ڕاکردنی کوردەکان لە عێراق تەنیا کاتێک پێشی پێ دەگیرێ کە ئەو خەلکە لە ولآتی خۆیان دا داهاتوویەکی روونی درێژخایەنیان هەبێ. ئەوەش ناکری، هەتا کاتێک ئەو مەترسییە لە گۆرێ دا بێ کە ناوچەی هەرێمی کوردستان لە لایەن سەدام حوسینەوە هێرشی بۆ سەر بکردرێ. بەلآم کاتێک ئەو مەترسییە نەمێنێ، خەلکەکە دەبینن کە دەتوانن بمێننەوە و چەندە بۆ ولآتی خۆیان کەلکیان دەبێ.

٥ ـ ئەگەر پارتی سوسیال دێموکراتی ئالمان لە هەلبژاردنەکاندا سەرکەوتن وەدەست بێنێ، سیاسەتی یاسابنەڕەتییەکان بۆ فرۆشی چەک و کەرەسەی شەڕ هەر وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. ئێمە هیچ پێویستییەک بۆ شل کردنەوەی ئەو یاسایانە نابینین. بەلکوو بە پێچەوانەوە، مووشکیلەی ناردنی یاسایی چەک و چۆل بۆ هیندیک ولآت نیشانی داوە کە ئەو یاسایانە دەبێ زیاتر بەرتەسک بکرێن و باشتر چاوەدێریان بەسەر دا بکردرێ.

*کوورت کراوەی ئەم بابەتە پێشتر لە گۆڤاری «سیاسەت» ژمارە ٢، ژانوییەی ٢٠٠٣ دا بلآو بۆتەوە.*